کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:23 12-4-2007

## باڤێڵ تاڵەبانی لەکوڕی سەرۆک کۆمارەوە بۆ کوڕە بازرگانی!! ... ڕۆژگار بابان

زۆرن ئەو کەسانەی لەدنیادا دەیانەوی ناو ناو بانگی خۆیان ببێتە سەکۆیەك لەسەری راوەستن و لەقیامەتیشدا شفاعەتیان بۆ بکات، گەروەریشی گرین هەریەکی بەچەشنی ئەم حەزەی هەیە و رێکایەکی یەجگار زۆریش هەن ماشا اللە کاریش لەو رێکایانە زۆر ترە بۆ ناوبانگ دەرکردن پی ی بکەن وەئێژم نموونەی زیندوش والە بەردەسدا، زۆرم لاسەیر بوو کاتێك هەوالێکم بەسەریعی لەسایتی (کوردستان فۆر نیوز) بەرچاو کەوت دەلی (هەروەك ئەمرۆ بریار بوو بە ئامادەبوونی هەریە ك لە هێرۆ ڕیبراهیم ئەحمەدو باڤێڵ تاڵبانی دانیشتنی پێنجەمی (رەواحسن) ناسراو بە گۆنا و شیرین لە دادگای کەتنی چواری سلێمانی بەر ێوە بچی بەلام دوای چاوەروانیەکی زۆر بەبریاری دوا خرا) ئەمە هەوالی رۆژی 207\3\26بوو هەواڵە زۆری سەرنج راکێشام بەدل حەزم دەکرد روونتر لەو هەواڵەتی بگەم پەیوەندیم بەزۆرێك لەهاوری یانم کرد هەنی بی ئاگا بوون هەنی دەیان ووت کاکە ئەمە ئیشی راگەیاندنە مێشی دەکەن بەگایەك هەنی. دەیان ووت کاکە باڵەکان ناو یەکێتی مادەم لەسیاسەدا یەکتریان پی قبووڵ نەبی لە کاری بازرگانی کرد بەسەروەت و سامانی حیزب هەر یەکتریان قبوول نیە چونکە کەس نایەوی سەهمی خۆی لەوی تر کەم تر بی، ئەمانەم هەمووی وەرگرت و پێشم راست بوون بەلام حەزم دەکرد زیاتر تی بگەم یەك دووجاری تریش هەواڵەکەم خوێندەوە گەشتمە قەناعەت ئەمە هەوالێکی سادەو سانا نیە. کەوتمە بیر کردنەوە ئائا وەختی خۆی برادەرێکی کچم هەبوو لەدادکا زۆریش هاوکارم بوو کاتی مامەڵەی زەواجم دەکرد شتی پی دەکرا، لەوانەیە بی خەبەر نەبی لەم هەواڵە. دەستم دایە مۆبایلەکەم وتەلەفۆنم بۆ کرد دوای سەلام کلام ئەو حەزی دەکرد تۆزی بە درێژی باسی ژیانی خۆمی بۆ بکەم دوای زەواج.. دەرفەتم نە دا یەکسەر ووتم خاتوو () روون کردنەوەیەکم دەوی لەسەر ئەم هەواڵە باسی هەواڵە کەم کرد. وەك لای ئەو زۆر کۆن بی هەوالەکە ووتی ئائا (گۆنا) بابە ئەو دەڵێن کچی مام جەلالەو هەموو سەروەتی مامە لای ئەوە مامەڵەی پی دەکا لەجەلسەی چوارەم پربە دەنگی لەناو دادکا هاواری دەکرد بانگی دەزگاکانی راگەیاندنی دە کرد.. ووتم بۆ؟ واسالێکە ئەو کچەی مامە دەس بەسەرە ئەلێن مندالێکی هەیە سەرە شومە بوە هەر لەدایك بوە دایکی گیراوە فەقیرە زۆرقەڵەویشە. ئەی بۆ گیراوە گچی تالەبانی چۆن دەبی گیرابی. کاکە ئەو سەروەتی ئەوانی لا بوە ئێستاش دیا خۆیان موشکیلەیان هەیەلەسەر سەهم و سەهم کاری لێیان تێك چوە ئەکینا کۆمپانیای هەیەو چەند پرۆژەیان هەیە. ئەی کاك باڤێل بۆ؟یان هێرۆ خان چی؟بۆ تۆ وادەزانی وەك قوبادی برای خەریکی سیاسە تە نا ئەم خەریکی بازرکانی کردنە حەزێکی زۆری بۆ ئەو کارە هەیە. ئەی لەم جەلسانەی دادکا ئامادەبوون هێرۆ خان و باڤێل؟ئەوەندەی من ئاگادار بم نەْ بەس محامیان هەیە لەجەلسەکاندا دێن. ئەی کی دەعوا چیە لەسەریان کی شاهیدە کی تاوان بارە؟ئەمە زۆری دەوی بروابکە لەوانەیە وەلامی زۆر شت نەزانم ئەوەندەی ئاگام لی بی وابزانم کابرایەك دی ناوی (ڕسماعیل) ە ئەویش بارزکانەو ڵەکەل ئەواندایە خاوەن کۆمپانیاو شتەو محامی هەیە خۆشی جار جار دی بۆ جەلسەکان باخێکی گەورەی فرۆشتوە بەپارەیەکی خەیاڵیً بە باڤێڵ تالەبانی کەچی پارەی نەداوە. مەسئولە ئەو ڕسماعیلە؟ بەخوا ئەویش لەگەل خۆیاندایە نازانم. ووتی هەری زۆرشتت پرسی بەس توخوا لای هەرکەس باست کرد باسی من نەکەی چونکە ئەو قسانەم لە محامیە کە وە زانیوە. وتم نانا بەس هەر حەزم کرد بزانم ئەم هەواڵە راستە یانیش بوختان بۆ هێرۆ خان و کاك باڤێڵ کراوە. ووتی لەناو دادکا دا نایەڵن کەس لەو دۆسیە تی بکات چونکە بابەتەکە پەیوەندی هەیە بە ماڵی مام جەلال وە دادوەرەکانیش نازانن چ بریارێك بدەن ناعیلاج موباتەڵە دەکەن دوای دەخەن ئەم دێن ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبەن بەس لەبەر ئەوەی لەدەرەوەی دادکا خۆیان کێشە کە چارە سەر بکەن. پاشان خواحافیزیم لە خاتوونکردوو سوپاسم کرد بۆ روون کردنەوانەی بۆم..

ماوەیەکی زۆر لەجێکای خۆم بەبی دەنکی دانیشتم!ووتم دەبێ تاڵەبانی دوو کورەکە ی یەکی بۆ سیاسەت و ئەوی تری بۆ بازرگانی و خواردنی پارەی خەلك پەروەردە کردبی هێرۆ خانیشی وەك مامۆستاو بازرکان لەکەل باڤێل دانابی. بۆ قوباد تاڵەبانی باوەر ناکەم چونکە ئەو خۆی دەڵی من دەمەوی وەك قوباد بناسرێم نەك وەك کوری تاڵەبانی. دەبی باڤێڵ تاڵەبانی بزانی لە (اردن شا عبدللە لەجیاتی شا حسین باوکی لەسەر حوکمە) لە (سعودیە شاعبدللە لەجیاتی شا فهد ی باوکی لە حوکمە) لە (سوریا بەشار ڕسدلە جیاتی حافف ڕسد لەحوکمە) لە ڕمارات و کویت وقگر... هتد

وەللا بابە کوری خەلك دەوڵە تی بەرێوە دەبا شانس و نەکبەتی سەرۆك کۆماریش لەوەدایە کاکە باڤێل تازە کۆمپانیاو باخی گەشت و گوزار بەرێوە دەبات

دەبی تاڵەبانی بی ئاگابێ لەم بازرگانانە؟؟

یاخود ئەم بی دەنگیەی تاڵەبانی لەچیدایە؟ یانیش بۆ چارەسەری ئەو کێشە ناکا؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.